www.kurdistannet.org

16-10-2006 9:01بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

**نەبوونی ئاو کارەبا خوێندکارانی بەشی ناوخۆی کچانی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان هەراسان کرد ...**

**سلێمانی / ڕێژین ئیبراهیم**



زیاتر لە 150 خوێنکاری بەشی ناوخۆی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایان، لەبەرامبەر نەبوونی ئاو کارەباو پێداویستە سەرەکیەکانی ژیانی ڕۆژانە، خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا بۆ بەردەم ئەنجومەنی پارێزگا.

لەبەرامبەر نەبوون ئاو کا رەباو پێداویستی سەرەکی بەشی ناوخۆی کچانی پەیمانگای مامۆستایانی سلێمانی، سەرلەبەیانی ڕۆژی دووشەمە سەعات 10:00 سەرلەبەیانی، خوێندکارانی بەشی ناوخۆی لەناو پەیمانگاکەدا مانیان لەخوێندن گرت، لەبەرامبەر نەبوونی ئاو کارەباو پێداویستی ناو داخلی و هەروەها نەبوونی سوتەمەنی و شوێنی ئسراحەت، خوێندکارانی بەشی ناوخۆی کچانیش بەخۆپشاندانێکی هێمنانە بۆ بەردەم ئەنجومەنی پارێزگابەرێکەوتن، لەسەرەتادا نوێنەریان چووە ناو ئەنجومەنی پارێزگا بۆ ئەوەی لەگەڵ لێپرسراوانی ئەنجومەنی پارێزگادا گفتوگۆ بکەن وو بەوردی کێشەکانیان بخەنە ڕوو، دواتر نوێنەرەکانیان چوونە ژوورەوەو ئەو کێشانەی هەیان خستیانە بەردەم! لێپرسراوان، ئەوانیش بەڵێنی چارەسەرکردنی سەرجەم کێشەکانیاندا و بەڵێنی ئەوەیان بەخوێندکاران دا کە کێشەکانیان وەکو نەبوونی ئاو کارەباو مۆلیدە و پێداویستیەکانی ڕۆژانە بۆ دابین بکەن. ئەوانەشی لەدەستەڵاتیاندا نیە لەماوەیەکی کورتدا ئەویش چارەسەر بکەن.